

**کۆڕی بەڕێزان / زەینەبی یوسفی -- ناهیدەحوسێنی -- شیلان گەیلانی**

## " پانۆرامایەك لەسەر باری ڕۆشنبیریی کوردستانی ئێران "

گەلێ بەشانازی دەزانم کە لەشارە جوانەکەی هەولێردا میوانم . هەرچەند خۆم بەمیوان نازانم و هەستی نامۆیی و غەریبی ناکەم . من کوردم و هەموو شوێنی کوردەواری ماڵی من وولاتی سنە .
باس لەسەر ژن و شوێنەواری ژن لە مێژوودا گەلێ بەربلاوەو لەیەك سەعات و چەن سەعات دا ناگونجێ و ئەوەی کە پێویست بوو خوشکەکانم ڕایان گەیاند

شاعیر دەڵێ : چاوەکەم دووچاوی مەستت پڕ لە سیحروجوانیە
پڕ شەرابی خۆشەویستی عارەقی یەزدانیە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانیە
لارو لەنجەت مۆسیقایە بەستەیە گۆرانیە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵیم گیانەکەم ست فاتمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەو پەری ئاواتمە

لەم سەردەمەدا ژنی ئێمە ئیتر ئەو چاو مەستە بەژن تەسکە دەلالەنیە ، چونکە بەش و ماڤی تایبەتی خۆی ناسیوەو دەبێ بە شێوەیێکی یەکسانی لەگەڵ پیاو چاوی لێ بکرێ و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا هەڵسووڕێ . دیارە من نابێ کات و ساتی بە نرختان بگرم .
بەس بەکورتی ئاماژەیێ بە بزاڤی ژنان لە کوردستانی ئێران لە پازدە ساڵی رابووردوەدا وەك بیۆگرافی یێ پێش کەش دەکەم . چۆن خوێندن و نووسینی کوردی لای ئێمە نیە تەبعەن هەر کارێکی ئەدەبی لەلایەن ئێمەوە وەك شاکارێ دەبێ چاوی لێ بکرێ چونکو بەزەحمەتێکی زۆر خۆمانفێری زمانەکەمان دەکەین .
چالاکی ژنەکانی ئێمە هەلئەگەڕێتەوە سەر زەمانی شاعیرەی نەمر ماە شەرەف خانمی ئەردەڵان . واتا مەستوورەی کوردستانی . ئەو دوو کتێبەی کە بۆی بەجێ هێشتوەکە دەمێنێتەوەو قەت ناوی بزر نابێ. بەڵام سەدمەخابن بارودۆخی پیاو سالاری دووقاتی ئەو سەردەمەی ژنانی چەوساوەو ڕەنج کێشی وێنانە کردووە وسێ بەشە شیعرەکانی بە ئەوینی قووڵی بەخسرەوخان تەرخان کردووە .
پاش مەستوورە خانمی مەهئید وختی موعتەمەد وەزیری مامۆستای زانکۆی تاران کە لەسنە " لەدایك بووە هاتە مەیدانی ئەدەبەوە . بەڵام سێ بەشە ئەدەبەکەی بەزمانی فارسیە . پاش ماوەیێکی درێژ

خایەن کە بێدەنگی یێکی ئەو توو بەسەر ئەدەبەکەماندا هات لەساڵی 1981 زایینی ژیلا خانی حوسەینی لەبەشی کوردی رادوێ " سنە " دا وەرگیرا . ئاشنانی ئەوخۆشەویستە لەگەڵ ئەم کلتوورەدا بوو بە ئەوینێکی سەرکەوتوو . لەماوەی ژەینی پڕ بایەخی ئەدەبیدا کە زیاتر لە دەساڵ نەبوو چاومان بە دیوانە خنجیلانەکەی گەشەی ئەوین ڕوون بووەوە . ئەم ئەوینە بەردەوامە بووە هۆی ئەوە کە گیانی پاك و پڕبەهرەی پێش کەش ئەدەبیاتی کوردی کرد و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لێمان کرد . پاشان خوشکی بەڕێزی ناهیدە خان . هاتە سەر ئەم هێڵەو ڕێبازی ئەم خۆشەویستەی گرتە بەرو هەوڵی دا کتێبی بەجێ ماوی قەلای راز دەرکەوێ . هەروەها وەرگێڕانی ڕۆمانی دەزیرەکە بەداخەوە ئەجەل مەودای نەدا کۆتایی پێ بێنێ . ناهیدە خان بە ئەنجامی گەیاند کە بە زوویی لە چاپ دەدرێ .

زایەڵەی ئەم مەرگە وەهاکاری کردە سەر کوردستان ئەو بنەماڵەکان کەپێش تر لە موشارەکەی کچەکانیان بۆ ئەنجومەنە  ئەدەبیەکان بەرگریان دەکرد .

تاوە بۆیان دەرکەوت کە ئیشی ئەدەبی نەتەنیا  نەنگ نیە بە پێچەوانە مایەی فەخروشانازی گەلەکەیانە .

خانمی زەینەبی یووسفی چیرۆك نووسی بەتوانا چیرۆکە شێعرێکی منداڵان بەنێوی رازی سەربەست ڕیوی سەرمەستی لە دووجڵدا نووسی و پاشان تا مەزرۆی لەیلێ خولقاند ئێستاش سێ چیرۆك و ڕۆمانی ئامادەی چاپە .

- ناهید حوسین بوون ئاڵا هەڵگری پاش ژیلاو تا ئێستاسێ بەرهەمی نووسیوە کە بە زوویی چاپ دەبێ ناهید لەبواری شیعرو شانۆی منداڵان دەستێکی باڵای هەیە .
- کولسووم عوسمانپور یەکێ لەوشاعێرانەیە کە لە بواری ئەدەب و ووتاردا دەکار ئامایە .
- فاتمەی حوسەین پەناهی کە ئێستا لە هەندەرانە لە شیعرا چووە قوناخێکی هەرە بەرزەوە
- خانمی سیمنی چایچی لە ئەدەب و فەرهەنگی منداڵان بەتایبەت بووکە شانۆ دەورێکی باش ئەگێڕێ .
- لەیلا سیمایی لە بانە بەشێکی زۆری لە ئەدەبی منداڵان بەئەستۆ گرتووە
- نەسرین جەعفەری و ماپارەی ئیبراهیمی و فووزیەی سوڵتان بەگی و مریەمی قازی لە باسکە بەهێزەکانی چیرۆك و شیعری بۆکان و مەهابادن .

ئەم بزاڤە لە نێو ژنان لە پاش ژیلای جوانە مەرگ بوون هۆی ئەوەکە کچە گەنجەکانمان وەك فاتمەی فەرهادی و بەیان عەلی ڕەمالی و خانمە گولدبی و بەیان عەزیزی بوونە میوانداری ئەم باخە بەبەرە . ئەنجومەنی ئەدەبی مەستوورەی ئەردەڵان بە بەرپرسایەتی خانمی فەڕوخلەقا مۆعتە ممەد وەزیری کە یەکێ لە نوێنەرانی نەورای شاری" سنەیە " بۆ پاراستنی فەرهەنگی کوردی باخەوانێکی دڵسۆزی ئەم ڕێبازەیە .

لە نەقاشی واتا نیگار کێشان : کبری پێندار – لەلای یەزدانجوو – " میهری خان " کە خێزانی هادی زیائەدینی پەیکەرتاشەو خانمی کەریمی خێزانی هونەرمەندی بەڕێز فەردین سادیق ئەییوبیە ، هەلێکی باشیان لەم سەردەمەدا خولقاندووە هەنووکە لەم مانگەدا چەل کەس لە ژنانی گۆرانی بێژ و

مۆسیقا ژەن لە گرۆپێکی هەڵکەوتەدا کە بەراستی بیت و چەن ساڵ پاش شۆرشی ئیسلامی هەڵکەوتەیە چوون بۆ تاران و ڕەوانەی جەژنوارەی مۆسیقای گرۆپی ژنان کران .

لە بەشی تیاتردا کوبرای مەلیکی و خانمی مەعازی وهتد .....

کە زۆربەی ئێوە ئازیزان لە هەولێر شارەزای هونەریمان بوون دەورێکی چالاکیان پێش کەش کردوە ئێستا بەشانازیەوە ئەبێ بلێن فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لەکوردستانی ئێران هەلێکی چاکی بۆ ڕەخساوە .

بەداخەوە لە دەرفەتی ئێوەی بەڕێزو بیری ماندووی مندا ناگونجێ کە نێوی پاشماوەی هونەرمەندەکان پێناسە بکەم و داوای لێ بوردن لە ناو نەبراوەکان دەکەم .

دیارە ئەم شارەزایی و ئاگاداریە بۆ ئەوە بوو کە ژنانی هەر دوو لایەنەکە بە بەبزاڤێکی فەرهەنگی و یەکگرتوەیە تیکی بگەین و لە ئەمڕۆ بەلاوە ئاڵ و گۆڕی فەرهەنگیمان بەردەوام ببێ . با لە بیرنەکەم ئاغای خاتەمی بە بایەخدانی مەدەنییەت و شارشتانیەت بەشێکی گشتی لە ئێران خولقاند بەلام ئەوەش بزانین ژن هەرچەندە هەلی بۆ برەخسێ ئەگەر بڕوای بەخۆی نەبێ قەت سەرناکەوێ . خەبەرێکی خۆشی تریشم پێ یە ماوەی پازدە ڕۆژە مافی تەلاق بەژن لە کوردستانی ئێرانیش دراوە .

لە کۆتایی دا سوپاسی ئەنجومەنی وەزیران و کاك سەرو قادرو بەرێوەبەرانی کۆڕەکانیان دەکەم . بۆ هەموو لایێکیان داوای سەرکەوتن دەکەم بەو هیوایە لەداهاتێکی نزیکدا لە کوردستانێکی ئازادو یەکگرتوودا بتانبینمەوە .

" ناهیدە حوسێنی "

دەبا سەرەتای هێڵێکی تازە بین

بەری برە جادێینە سەر ژنی ئەمڕۆ . لە رابردووا چی کراوە چ کراون ئەڵێین ئێمە چی ئەکەین و چیمان پێ ئەکرێ . تا چەند ئەتوانین ، کەڵك لەو بارووۆخەی بۆمان رەخساوە وەربگرین . ئەڵێن شا ئەبەخشێ ، شیروان نابەخشێ ئێمە هەتا بووە باری کەم دەسەلاتی و کەم وکووڕییەکان خۆمان خستووەتە سەرشانی کۆمەلگای پیاو سالاری . بەلام ئەمڕۆ کە لە هەموو جیهاندا ، باس باسی مافی ژنە و ئەو خواستانەی تا ئەمڕۆکە بەدی نەهاتوون و ئێستە خەریکە دێتە دی . پیاوەکان ئەڵێن جا فەرمون هازا گوی و هازا مەیدان . جا ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە تواناییە فیکریەکانمان بناسین و بە قوەتیان بکەین و کەڵکیان لێ وەربگرین . بائەوێ خالێك بین و لەسەر پێی خۆمان بوەستین . لە ژێر سێبەر بێینە دەرەوە و خۆمان سێبەرەك هەبێ . دیارە ئەمڕۆ وەکوو غەدرێك لە ژن ، ئەوە زیاتر خۆمانین کە غەدر لە خۆمان ئەکەین ستی و کەم کاری و خۆنەناسین وهەست بەگرنگی موقیعەکە ڕێگەی بە پێشکەوتنمان گرتووە . رەنگیشە ئەو ترسە و ئەو شەرسە هێشتا بە تەواوەتی لە گیانمان دەرنەچووە و تەزووی ئەو سەرماو سۆزە بەری نەداوین . ژن بەتایبەتی لە بواری شیعرا ، هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە چوار چێوەی شەرم و بەرگری لە خۆی رزگار بکات . پەنجەرەی روانگەکانمان چەند گەورەش یەك ، دڵ و دەستمان یەك ناگرێ . ئەڵێن زەل ئاوێنەی رۆمی مرۆڤە . کە نووسیت یان ئەبێ راستگۆبیت و ئازارەکان دەروونت و خەوە زڕاوەکانت بێنیتە سەر لاپەڕە و سینت بدەیتە بەر تانە و وانج و خۆ ئامادە بکەیت بۆ هەر چەشنە بەرنگارییەك ، تەنانەت تأثیری هەیە لەسەر چۆنیەتی

کەمایەتی ژنێك ژنێکی شادو سەرکەوتوو بنەماڵەیەکی شادو سەرکەوتوو وسالم دێنێتە بەرهەم و منداڵەکانی بەرۆح و فیکرێکی سالم و ئازارەوە گەورە ئەکات .
بەداخەوە ژنان بەوە راهاتووین کە لەباری کاری و بارووددۆخی کۆمەڵایەتیەوە ئابووری و ئەوانەوە بە پیاوەوە بەسترا بێت . هەمیشە بەو بەستەی کە لە لایەك پیاوە وە پێی دراوە قانع بووە و هەوڵی بۆ ئەوە نەداوە خۆی بەشدار بێت .
هەوڵی ناساندن و سەلماندنی بۆ خۆی نەداوە . ئێمە لەو پەڕی وابەستە بووندا چۆن ئەتوانین باس لە ئازادی بکەین واستقلال . جا لێرە یا رووی دەمم ئەمەمە ئەو برادەرانە وا وەك کۆمەڵگای پیاو سالار ناویان لێ ئەبەین . لە باوکەکانمام لە براکانمان ، لە مێردەکانمان . قسەکانیان هەر شوعار نەبێت . بەعەمەل ئازادی واستقلالمان بۆ بخوازن . زۆر پیاوی رۆشنبیرو خوێندەوار هەن کە ناهێڵن ژنەکانیان بێنە مەیدانەوە بۆ ئەوە حەزیان لە چێشتی گەرمە . ژنەکانیان وەکوو گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لەماڵوە رانەگرن و ئچینە پشت دەنگەرەکان و تریبۆنەکان و لەمافی ژن قسە بکەن گەشت لەدەست کچە رۆشنبیرەکانمان بێنن و قەڵەمی بەنە دەست . با لەجیاتی ئەوەی چەقۆیەك بنێینە ژێر سەرکۆرپە کۆرەکانمان و چاوی کۆرپە کچەکانمان بەمەکە بڕێژین . لەیەکەم رۆژی لە دایك بوونیانەوە بەیەکسانی قەڵەمێك بنێینە ژوور سەرمنداڵەکەمان . سەردەمی پاکانیم زۆربەی خواکان ژن بووك وەك اتنە و دیان وینا میتا و زۆر ژنی تر . بۆ لەمەقامی خوداییە لە مەقاقی ئافرەتەوە بەمانا ئافرۆدیتەکەی بمانەوێ ئەگەر زۆر رێز لە ژنەکەمان بکرین وەك بووکە شووشیەیەکی نازدار لەماڵەوە ئاگامان لی بێ و قەفەسێکی لە زێڕ بۆ ساز بکەین . بەڕوانینێك با بزانین بۆچی رێژەی خۆ سووتاندن و بەگشت خۆکوشتن ژنان ئەمرۆ بەنسبەت رابردوو زۆرتر بووە . بەرای من هۆکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ ژن تەنانەت نوخوێندەوارەکانیش هەست ئەکەن ئاڵ و کۆڕێك کە بەسەر کۆمەڵگادا هاتووە لە هەموو بوارەکانیەوە ئەبێ بوونێك بۆ ژن دیاری بکات و بیرێکی تازەوروانینێکی تازە بەرەو دنیای ژن . ژن کەهەستی بەکەسایەتی خۆی کرد و ئەو کە سایەتیە کەوتە بەر پرسیار ئەو کاتەیە کە یأس و نائومێدی بەرەو ئاکاری ناحەز و ناشرین وەك خۆکوشتن و زۆر شتی تر هانی ئەدا . دەبا ئەو رێگایە خۆش کەین کە ئەو ژنەی هەست بەبوونی خۆی ئەکات ئەو بوونە بەجوانترین شێوە دەربڕێ پوورانی فەرۆخزاد – فروغ – ژێدا – تەرخان بوونی ژنی کورد بە ژیانی بنەماڵەو کاری فیکری بۆپلەی سود هەم  بە خۆشیەوە رای ئەگەێنەماوەی 15 تا 20 رۆژ ئەبێ لە ئێران مارەیەك لە قانوونی اساسی زیاد کراوە کە مافی تەلاقی بەژنیش داوە بە شێوەی سەربەخۆ .
بەڵێ برین . وشەی برین پڕبەپێست کێشەیەکە بووتە هۆی ئەوەی کە ئێمە و زۆری وەك ئێمە ئەمڕۆ و بە دەیان و سەدان دانیشتن ئاوا باسی لەسەر ئەکەین و باسی لەسر کراوە . بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە کە ئایا ئەم کێشەیە هەر لە چوار چێوی باسدا ئەبڕێتەوە ؟ یان هەنگاوی قورس ترو گەورەتری ئەوێ بەدرێژایی مێژوو ژن وەك نیوەی کۆمەڵگای ئینسان لە پلەی دووهەما بینراوە و ئەمەش خانەیەکی کۆنی هەیە . ژن هەڵسوکەوتی زۆری بەسەرا هاتووە . جارجار بۆ ماوەیەکی کەم خایەن وەك رەنگێکی تۆخ بووەتەوەو پاشان کاڵ بووەتەوە ز دەنگ بووە و بووە بە بێدەنگە ، خاڵ بووە و بڕدراوەتەوە سەردەمێکی کە رادەی توانایی لە رادەی هێز و قودرەتی جسمی دا ئەکەوتە لەپەی

تـەرازووەوە قـەت ژن و پیـاو نەیانئـەتوانی بـەهۆی فیزیۆلۆژیجیـەوە لـە تەراززیەکـدا پێکـەوە هەڵسەنگەرێن . بەڵام ئەمرۆکە کە ئێمە لەسەردەمی جیهانی بوون و ئێنترنـت ئـەژین رادەی جیاوازی ئیتر هێزی شان و قۆڵ نییە . لێرەدا ئیتر هزرو توانایی مێشکە لە جیاوازی نێوان مرۆڤـەکان بەگشتی دیاری ئەکات . ئەوە ئیتر دێتەوە سەرئاکارو چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی رۆژی دنیای علم و زانست . کەمن کۆمپیۆترێکی بۆ منداڵەکانم ئەسێنم . ئەوە هەوڵ وتێکۆشانی کچەکەم یان کورِەکەمە کە جیاوازی نێوانیان نەخاتە روو .

تەمەنی هەوڵو تێکۆشان و چالاکی ژنان بەگشتی لەبەر ئەوەی لەمێژوودا زۆر پچرپچرو دوور لەیەکترە وەکوو رەوتێـك پەیوەسـت نەهاتووەتـە پێشـەوە هـەتا ئـەمرۆ ئێمـە بڵـێن لەسـەر ئـەو هێڵـە دەسـتان پێکردوون و لەسەر ئەو هێڵەش بۆ بەرەو پێش چوون هەوڵ ئەدەین . ژمارەی ئەو ژنانـەی وابڵـێن لـە رابـردووی ژنـی کـوردا کـاری فەرهـەنگی و بەگشـت کـاری فیکرییـان کردبـێ هێنـد کەمـە کەلەلایـەن هاوخبـەکانی خۆتـەوە یـان درۆزن بیـت و ئاواتـەکانت بەزینـدوویی بێتـە دی ومادارەکانـت بخنکێنـی وبەرهەمێکی ئەبێتە ئەنجامی کە رەنگە لە گەلیا هەست بەغەریبی بکەیت . کەژاڵ ئەمەد ئەڵێ .

چیم داوە لە عەشقی بارانێ

بەمەرگی خۆم ئەنیووسەوو

چیم داوە لە جەنگی لە پێناوی ژنەدا

کەئەو بۆ خۆی جەنگی ناوێ .

رەنگە گیروگرفتەکانی ژنانو بەتایبەتی ژنی کوردستان بەگشتی لەخاشەوبنەرِەتدا یەکێ بێ بەڵامبۆن و بەرامەی جیاوازیان هەیە و ئەو بۆن و بەرامەو چۆنیەتی ئەفراندنە تأثیر لەو باروودۆخـە وەرئـەگرێ وا زاڵە بەسەر ئەو سەردەمەیدا وا ژن تیایا ژیاوە و ئەژی .

کوا پیاوێك ئەتوانێ وە هەموو ژنێك باس لە ئازارەکانی ژن یان لە شادییەکان ، ژن بکات ئـەوە ئـەرکی سەرشانی خۆمانە ببێین بەژیری لە رابردوو بروانین ئەمرۆمان هەڵسـەنگێنین و بـۆ داهـاتوو هـەنگاو هەڵگرین خۆمان بناسین و ئیمانمان بە بوونی خۆمان وەکوو توانایەك هەبێ هەموو مرۆڤێك لەژن و لە پیاو . حەز ئەکات مەترح بێت  دیار بێت نادی هەبێت جا ئەگەر ئەم مـەترەح بوونـە لـە رەوتێکـی دووستدا بەدی بێت ، کواژن بەرەو لارێ ئەروا .

ئەگەر دوو لایەن بۆ هەر مرۆڤێك هەبێت ، بڵێن وەك لایەنی رۆحی و جسمی بەرای من لەسـەدا ، 99 ی ژن لە باری رۆحەوە موشکیلەی هەیە و هەر ئەو موشکیلەیە رۆحیە زۆرە .

ئەو پیاوەی تف لە دایکی خۆی بکات تف لەهەموو ئافرەتێکی دنیا ئەکات .

بەروار : 18 / 9 / 2002